سەرەتا ئیبراهیم جاحی زەڵمی مامۆستای زانکۆ و هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لە کۆمەڵناسی، هێما بۆ ئەوە دەکات کە منداڵی تەنیا بریتی نییە لە قۆناغێکی تەمەن کە دەکەوێتە نێوان سات و کاتی لەدایکبوون تا ئەو کاتەی کە پێدەگات و پێی دەوترێت مرۆڤێکی پێگەیشتوو. بەڵکو ئاماژەیەکە بۆ ئەو جێبەندە تایبەتەی کە پەیوەستە بە ژیانی تاکێکی منداڵ لە رووی جۆر و چۆنیەتی ئەو قۆناغە گرینگەی تەمەنی کە پێویستە بۆ ئەو منداڵە ساز وفەراهەم بکرێت، هەر لە رووی دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی و رەخساندنی بواری گەشەپێدانی لە بواری هزری سۆز و پێگەیشتنی فسیۆلۆژی و سایکۆلۆژی و تەندرووستییەوە، تا دەگاتە پاراستنی لە هەموو بابەتێکی مەترسیدار و بێزراو کە کاریگەریی نەرێنی لە سەر ژیان و دەروونی دەبێت. هەروەها پێویستە هەلی بەشداری پێکردن لە ژیان و چالاکی و خۆشی و خستنەگەڕی توانا و بەهرە و ئارەزووە بەجێیەکانی بۆ بڕەخسێندرێت، هەتا وەکو ئەندامێکی ئەو کۆمەڵگەیە هەست بە بوونی خۆی بکات و هەست بە جیاوازی نەکات. نەك خۆزگە بخوازێت بە هۆی ئەو جیاکاری و ئەو نادادی و



گوڵان: کۆمەڵایەتی

نایەکسانییەی کە کۆمەڵگە بەپێی تەمەن و هێز و جەستە خستوویەتیەوە، زوو گەورە بێت و ئەو قۆناغەی تەمەنی زوو تێپەڕێنێت. گوتیشی: «دیارە کۆمەڵگەی ئێمە یەکێکە لەو کۆمەڵگەیانەی کە هەردەم شتێك ناوی ماف بێت و لە سەر بنەمای مرۆڤ بوون و ژیانکردنی مرۆڤایەتییانە بێت، تەماشەی تاکەکانی خۆی ئەوەندە نەکردووە بە چارەکەی بوونی هێز و دەسەڵات و قەبارەی بەکارهێنانی ئەو هێز و توانایەی چ بە هۆی لەش ولار و توانای جەستەیی و چ پێگەی مەعنەوی کۆمەڵایەتی و سیاسییانەی کە لە ڕێگەی چینە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەستەبەری کردووە. هەر بۆیە منداڵ و مافەکانی منداڵ ئەو شتە شاراوە و پەنهانە بوون کە دەکرێت تەنیا لە سووچی ماڵەکان و لەلایەن دایك و باوکەوە بایی ئەوەندە تەماشەی کراوە، بۆیە دەبینین منداڵی کۆمەڵگەی ئێمە چێژ لە گرینگترین قۆناغی ژیانی نابینێت و تەمەنی منداڵی وەك قەفەسێك دەبینێت و حەزدەکات تاوەکو زوو بە دەستیەوە ڕزگاری بێت. هەربۆیە گەورەترین خەونی منداڵانی ئێمە گەورەبوون و ڕزگاربوونیانە لە منداڵی، هۆکارەکەشی دەکرێت بە دوو خاڵ دەستنیشان بکەین، یەکەم: ژیان وماف و پڕکردنەوەی ئارەزوو و پێداویستی و فەزایەك بۆ تەقاندنەوەی بەهرە و توناکانیان و دیاریکردنی جۆری ژیان و پاشەڕۆژیان پەیوەست و کۆتی گەورەکانە و منداڵ وەك مرۆڤی پلە دوو هەژمارکراون و ژیان و خەونیان وابەستەیە بە سۆز و بیر و مەزاجی ئەوانی ترەوە. دووەم: کۆمەڵگە و کەلتوورەکەی تا بە ئەمڕۆش، هێز و جووڵێنەر و خاوەنانی پنتەکانی هێز دیاریکەری تەنانەت جۆری ژیانی خەڵکین، نەك بنەماکانی مافی مرۆڤ و پایەکانی دیموکراسی ڕەنگرێژکەری ماف و ئەرك و دەسەڵات بن. کە ئەمەش بە درێژایی مێژوویی چەوساندنەوەی گەلی ئێمە بە دەست ئەوانی ترەوە کردوونی بە خاوەنی ئەم نەریتە نامرۆڤانەیە و ئەمڕۆش بەو سادەییە ناتوانن وەك گەورە و دەستڕۆیشتووانی ناو کۆمەڵگە لێی ڕزگار ببن، هەر بۆیە بیرکردنەوە لە مافەکانی منداڵ کە خاڵی و دوورە لە هێز و هەر پنتێکی هێز، ئیتر دەبێت حاڵی چۆن بێت؟ بۆیە منداڵی ئێمە کەسایەتییەکی ترسنۆك و شەرمنە و پاش گەورەبوونیشی هێشتا بە ترسەوە دەست بۆ شتەکان دەبات، نەوەك پێی بڵێن: لاچۆ، هێشتا بۆنی شیر لە زارت دێت».

بێگەرد ئەحمەد جەلیل، دەروونناس و ئەندامی دەستەی کارگێڕی ڕێکخراوی هوما بۆ تووشبووانی ئۆتیزمی کوردستان، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ڕاستە لە ئەمڕۆدا بەشێکی زۆری منداڵان بە شادی و کامەرانی دەژین، بەڵام ژیانیان پڕە لە فرمان جێبەجێ کردن، ئەمە بکە و ئەوە مەکە و ووریا بە، ئەوە بڤەیە، ژیانی واش بەلای منداڵان بێزارکەرە و خۆش نییە، چونکە ئەمە چێژ وەرگرتن لە خۆشییەکانی تەمەنی منداڵی کەم دەکاتەوە، بێگومان قۆناغی منداڵیش دووبارە نابێتەوە و پێویستە ئەوەش بزانین کە مافی منداڵ شتێکی وا سادە نییە کە بە کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ و بە شریتی جوان بپێچرێتەوە و پێشکەش بە منداڵان بکرێت، بەڵکو مافی منداڵ بە دابینکردنی پێویستییەکانی و ڕێزگرتن و گوێگرتن و پێدانی سۆز و خۆشەویستی و گرینگی پێدان و هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی خواستەکانی دێتەدی کە گەشەکردنێکی هاوسەنگ لەو قۆناغەی تەمەنیدا مسۆگەر بکات. لە زۆر شوێنی جیهاندا کە شەڕو ئاژاوەیان تێدایە، هەمیشە منداڵ قوربانی یەکەمە لە رووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و تووشبوون

**یاسای ژمارە ٨ ی ساڵی ٢٠١١ تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی، لە ماددەی دووەم لە بڕگەی ٩ ناچارکردنی منداڵ بۆ کارکردن و سواڵکردن و بەجێهێشتنی خوێندن قەدەغە دەکات، لە بڕگەیەکی دیکەی هەمان مادده هاتووە لێدانی تاکەکانی خێزان و منداڵ بە هەر بیانوویەک بێت، قەدەغەکراوە**

## لە پەراوێزی ڕۆژی جیهانی منداڵاندا

# هەڵسەنگاندنێک بۆ دۆخی منداڵانی کوردستان

**ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕۆژی (٢٠ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٥٤) لە وڵاتی سویسرا یەکەم کۆنگرەی جیهانی تایبەت بە منداڵانی بەست، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کۆدەنگییەك لەسەر ژیانی منداڵ لە نێوان دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهاندا هەبێت و دواتر لە ڕۆژی (٢٠ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٩)دا نەتەوەیەکگرتووەکان لە کاتی یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانی منداڵاندا بە ئامادەبوونی نزیکەی (١٩١) دەوڵەت یاداشتی بەرگری لە مافەکانی منداڵان مۆرکرا. لە کۆڕبەندە جیهانی و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و دەستوور و یاسا ناوخۆیی و هەرێمییەکانیش، بە دەقی نووسراو مافەکانی منداڵ دیاریکراون، لەبەر ئەمەش تا رادەیەکی باش توانراوە لە ئاستی جیهانی کار بۆ دەستبەرکردنی مافەکانی منداڵان بکرێت. پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە نەتەوەیەکگرتووەکان پەیماننامەی مافەکانی مرۆڤی لە ساڵی١٩٤٧ی دەرکرد و زۆرینەی وڵاتانی ئەندام پەسەندیان کرد، ئەم جاڕنامەیەش بووە باشترین بەڵگە بۆپاراستنی مافەکانی منداڵان و لە ڕۆژی (٢٠/ ١١/ ١٩٨٩)دا جارێکی دی ڕێککەوتننامەی تایبەت بە مافەکانی منداڵان هەموارکرایەوەو دواتریش لەلایەن سەرجەم وڵاتانی جیهانەوە پەسەندکرا. لەهەرێمی کوردستان وەك زۆربەی وڵاتانی دی لە ١ی حوزەیران یادی ڕۆژی جیهانی منداڵان دەکرێتەوە. بەڵام منداڵانی کوردستان نەك تەنیا بە مافەکانیان شاد نەبوونەتەوە، بگرە تووشی دەیان ئاریشە و پێشێلکاری کراون، بەتایبەتی کە لە ڕۆژئاوای کوردستان دەیان هەزار منداڵ لە زێدی خۆیان هەڵکەندراون و ئاوارە بوون، بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەش ئەو پرسە پتر تاوتوێ دەکەن.**

وەک دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ زۆر کارمان کردووە بۆ ڕەوشی مافەکانی منداڵان و ئێستا پرۆژەیاسای پاراستنی مافەکانی منداڵانمان ناردووە بۆ پەرلەمان، بەڵام بە داخەوە بە هۆی کۆنەبوونەوەی پەرلەمان زۆر یاسا وەستاوە کە پێویستن بۆ ژیانی هاووڵاتیان و دەبێت بە پەلە خوێندنەوەی بۆ بکەن

ڕەوشی منداڵان بەشێکە لە ڕەوشی گشتیی کۆمەڵگە و ئەوان قوربانی ئەو بارودۆخەن کە گەورەکان دروستی دەکەن. واتە منداڵ هەمیشە بەشێک بووە لەو قوربانییانەی کە بە هۆی هەڵەی گەورەکانەوە تووشی دەبن

لە ئەمڕۆدا سیاسەت بووە بە بەشێک لە ژیان و ڕۆشنبیری و باس و خواسی ڕۆژانەمان، بمانەوێت، یان نەمانەوێت سیاسەت چۆتە هەموو ماڵێکەوە، لە ئێستادا کێشە سیاسیەکانیش تا ڕادەیەک بوونەتە کۆسپ لەبەر دەم دابینکردنی مافەکانی منداڵ و تەنانەت بە بەشدارپێکردنی منداڵان لە شەڕ و خۆپێشاندانەکان و بەکارهێنانی توندوتیژی دژ بە منداڵان زۆرترین پێشێلکارییان بەرامبەر دەکرێت

بە نەخۆشییە دەروونییەکان. منداڵانی هەرێمی کوردستانیش بەدەر نین لەم ناخۆشی و گرفتانە و پێشێلکردنی مافەکانیان، کە ئەوەش کاریگەری نەرێنی لەسەر دەروونی منداڵ دەبێت و لەداهاتوودا تووشی کۆمەڵێك گرفتی دەروونیی دەکات. هەروەها لە ئەمڕۆدا سیاسەت بووە بە بەشێك لە ژیان و ڕۆشنبیری و باس و خواسی ڕۆژانەمان، بمانەوێت، یان نەمانەوێت سیاسەت چۆتە هەموو ماڵێکەوە، لە ئێستادا کێشە سیاسیەکانیش تا ڕادەیەك بوونەتە کۆسپ لەبەر دەم دابینکردنی مافەکانی منداڵ و تەنانەت بە بەشدارپێکردنی منداڵان لە شەڕ و خۆپێشاندانەکان و بەکارهێنانی توندوتیژی دژ بە منداڵان زۆرترین پێشێلکارییان بەرامبەر دەکرێت. نابێت ڕۆڵی ڕاگەیاندنیشمان بیر بچێت کە ڕووبەرێکی فراوانی داگیرکردووە بە هەر چوار جۆری (بیستراو —بینراو —خوێندراو- ئەلیکترۆنی ) لە ئێستادا تەلەڤزیۆن وەك گرینگترین و بڵاوترین هۆی ڕاگەیاندن لە هەموو ماڵێکدا هەیە و گەورە ومنداڵ ڕۆژانە و شەوانە کاتێکی زۆر بە سەیرکردنی تەلەڤزیۆن بەسەر دەبەن، ناشتوانین بە تەواوی کۆنترۆڵی منداڵان بکەین و گوێ و چاویان بگرین و نەهێڵین سەیری هەواڵەکان و ڕووداوەکان و بەرنامەو دراما تەلەڤزیۆنیەکان نەکەن. منداڵان ڕۆژانە هەواڵی شەڕ و کوشتن و توندوتیژی و خۆپێشاندان و دراما تراژیدیەکان دەبینن. گوێگرتن و سەیرکردنی ئەم هەواڵ و ڕووداوانە لە لایەن منداڵانەوە کاریگەری و ڕەنگدانەوەیەکی نەرێنییان لە سەر ژیان و لە ڕەفتارەکانی ئەمڕۆ و داهاتوویان هەیە. حکومەت و خێزانیش وەك پێویست بایەخ بە پێداویستییەکانی قۆناغی منداڵی و خودی منداڵان نادەن، بۆیە بە بڕوای من دەستەبەرکردنی مافەکانیان لەئاستی پێداویستدا نییە.»

مەحمود باجەلان سەرپەرشتیاری پەروەردەییە و ڕایوایە «هەلومەرجی ئێستا بە شێوەیەکی نەرێنی کاریگەری لەسەر دۆخی منداڵان و مافەکانیان هەیە، چونکە هەر هەلومەرجێکی نەخوازراو کە کاریگەری نەرێنی لەسەر کۆمەڵگە هەبێت، بە شێوەی بەرپەرچدانەوە کاریگەرییەکەی لەسەر منداڵان چەند هێندەیتر دەبێتەوە، ئەویش لەبەر ئەوەی کەلتووری کۆمەڵگە لە هەستکردن بە منداڵ و مافەکانیان هێشتا بە شێوەیەکی بەرچاو پێنەگەیشتووە، تاوەکو خێزان و ناوەندە کۆمەڵایەتییەکان بتوانن منداڵان بپارێزن و لە قەیرانەکان دەربازیان بکەن، بەڵکو بەپێچەوانەوە منداڵان بەشدارێکی ڕاستەقینەی هەموو بەرکەوتەکانی ناو کۆمەڵگە دەبن، هەروەها ناوەندەکانی خوێندن و ڕاگەیاندنەکان و شەقامی گشتی ئەو هەلومەرجانەیان هەتا ئێستا تیا دەستەبەر نییە کە منداڵان تیایدا سەلامەت بن و نەکەونە بەر زەبری کاریگەرییەکان و لە خزمەتی مافەکانیان نییە بەو شێوەیەی کە بانگەشەی مافەکانی منداڵان خواستیەتی، بۆیە دەکرێ بڵێین کەوا منداڵان لە ئاستێکی خراپی مافەکانیاندان و هێشتا ئەو قۆناغە هەستیارەی پەروەردەیی کە پێویستە هەموان لە خەمیدا بین لێی تێنەگەیشتراوە و لەبەرچاو نەگیراوە و منداڵ لە قۆناغی منداڵی خۆیدا ناژی.

محەمەد گۆمەشینی گوتەبێژی دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ، ئاماژە بەوە دەکات کە «ڕەوشی منداڵان بەشێکە لە ڕەوشی گشتیی کۆمەڵگە و ئەوان قوربانی ئەو بارودۆخەن کە گەورەکان دروستی دەکەن. واتە منداڵ هەمیشە بەشێك بووە لەو قوربانییانەی کە بە هۆی هەڵەی گەورەکانەوە تووشی دەبن، بۆیە دەبینین هێشتا پێشێلکردنی مافی منداڵان بەردەوامە و تا ئێستا منداڵ بۆ زۆر مەبەستی نەشیاو بەکاردێت وەك سواڵکردن و بازرگانیکردن و بەشوودانی پێش تەمەنی ١٨ساڵی و هاوسەرگیری زۆرەملێ و بەکارهێنان بۆ مەرامی سیاسی و خۆپیشاندان و زۆرجاریش چەکداری، ئەوانەش بەپێی ڕێککەوتننامەی مافی منداڵان بریتین لە پێشێلکاری، ئەو دیاردانەش لە ناو ئاوارەکان زیاترە، بەڵام بەگشتی هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی یاسای پاراستنی مافی منداڵ کە بتوانرێت بە یاسای تۆکمە ڕێگری لەو دیاردە نەگونجاوانە بکرێت.» گوتیشی: «ئێمە وەك دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ زۆر کارمان کردووە بۆ ڕەوشی مافەکانی منداڵان و ئێستا پرۆژەیاسای پاراستنی مافەکانی منداڵانمان ناردووە بۆ پەرلەمان، بەڵام بە داخەوە بە هۆی کۆنەبوونەوەی پەرلەمان زۆر یاسا وەستاوە کە پێویستن بۆ ژیانی هاووڵاتیان و دەبێت بەپەلە خوێندنەوەی بۆ بکەن. هەوەرها لە ڕاپۆرتەکانی خۆمان بەردەوام گرینگی زۆرمان بە مافەکانی منداڵان داوە و پێشنیار و ڕای خۆمان داوە بە حکومەت و لایەنی پێوەندیدار بۆ ئەوەی ژیانی منداڵان باشتر بکر

حکومەتی هەرێمی کوردستان تائێستا ٦٠٣ منداڵی لەژێر دەستی داعش ڕزگارکردون و ١٣ لەو منداڵانە ڕاهێنانی سەربازییان پیکراوە» ئەو ئێزیدیانە لەلایەن ئۆفیسی تایبەت بە ئازادکردنی ئێزیدیەکانەوە لە موسڵ و ڕەقەوە دەهێنرێنەوەو ئازاد دەکرێن،لەلایەن نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پارەکەی دابین دەکرێت.»

لە لای خۆیەوە پەرلەمانتار شیلان جەعفەر جێگری سەرۆکی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و چاودێری منداڵ و خێزان، هێمای بۆ ئەوە کرد کە بەپێی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی پاراستنی منداڵ ساڵی ١٩٩٠ و پرۆتۆکۆلی ساڵی ٢٠٠٠ تایبەت بە بەشدارپێکردنی منداڵان و هاندان و دەرفەتپێدانیان لە کردە توندوتیژییەکان، هەروەها بە پشت بەستن بە یاساکانی جنێڤ ساڵی ١٩٤٩ و پرۆتۆکۆلی ساڵی ١٩٧٧ و هەموو ئەو بنەمایانە لەگەڵ ڕێککەوتننامەکانی مافی منداڵان کە لە ساڵی ١٩٥٩ دەرچووە لە هەموو ئەوانەدا بەکارهێنانی منداڵ لە کردە توندوتیژییەکان قەدەغەکراوە کە بۆ هەر مەرامێکی سیاسی بێت، ئەو بەڵگانە ئاماژەن بەوەی کە پێویستە منداڵ بە خۆشەویستی وڵات و دوور لە توندوتیژی پەروەردە بکرێت و لە بونیادنان و ئاوەدانکردنەوەی وڵات بەشداری پێبکرێت، هەروەها پێویستە پەروەردەیەکی تەندروستی لەلایەن خێزان و حکومەتیشەوە پێشکەش بکرێت، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ئەم منداڵە ببێتە تاکێکی بەسوود و بەرهەمهێن بۆ کۆمەڵگە، چونکە منداڵ سامانێکی نەتەوەیی هەر میللەت و نەتەوەیەکە، بەڵام بەداخەوە لە هەرێمی کوردستاندا کە لە



رابردوودا بینیمان منداڵ بۆ مەرامی سیاسی بەکارهێنران، لە پەرلەمانی کوردستانیش دەبینین ئەوەندەی پەرلەمان کاری لەسەر پرسە سیاسییەکان کردووە، ئەوەندە کاری لەسەر پرسە خزمەتگوزارییەکان و ئەو پرۆژانەی لە بەرژەوەندی هاوولاتیاندایە نەکردووە.»

جێگری سەرۆکی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و چاودێری منداڵ و خێزان، لە درێژەی قسەکانیدا زیاتر گوتی: «وەکو لیژنەکەمان توانیومانە کار لەسەر هەمووارکردنەوەی برگەی یەك لە ماددەی ٥٧ی یاسای باری کەسی ژمارە ١٨٨ ی ساڵی ١٩٥٩ بکەین، کە تایبەتە بە بینینی ئەو منداڵانەی کە دایك و باوکیان جیابوونەتەوە، بۆ ئەوەی تاوەکو تەمەنی ١٨ ساڵی لە ژێر چاودێری هەردوولا پەروەردە بکرێن، هەروەها بۆ چارەسەرکردن و کەمکردنەوەی ئەو دەرهاوێشتە نەرێتییانەی کە لە دوای جیابوونەوەی دایك و باوکەکە تووشی منداڵەکان دەبن، خۆشبەختانە یاساکە چووە بواری جێبەجێکردنەوە و ئێستا لە هەرێمی کوردستان کاری پێدەکرێت کە بە یاسای ژمارەی ٦ ی ساڵی ٢٠١٥ ناوزەد کراوە، جگە لەوەش کارمان لەسەر هاریکاری دڵنیایی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کردووە کە لە ئێستادا راپۆرتمان تەواو بووە و چۆتە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، کە پرۆژەیەکی گشتگیرە بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەیە، مەبەست لەوەش دەستەبەرکردنی ژیانێکی شایستە و بەدەستهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە و نەهێشتنی هەژارییە، لە بەشی چوارەمی پرۆژەکەدا ماددەی ١٢ کە باس لە چاودێری کۆمەڵایەتی دەکات، ئاماژە بەوە دەکات کە بەپێی قۆناغەکانی تەمەنی منداڵ تا دەگاتە قۆناغی پێگەیشتوو مافی برە پارەیەکی مانگانەی هەیە، هەموو خێزانێك دەتوانن لەم برگەیە سوودمەند بن، تاوەکو چوار منداڵ، هەروەها کارمان لەسەر نەهێشتنی دیاردەی سواڵکردنی منداڵان کردووە، جێگەی دەستخۆشییە بەرێوەبەرایەتی خۆجێیی هەولێر هاوکاری زۆری کردووین، بەڵام نەمانتوانیوە ئەو دیاردەیە بنبڕ بکەین، چونکە لە هەرێمی کوردستاندا یاسایەکی تایبەتمان نییە، هەرچەندە لە خولی پێشووی پەرلەمان کار لەسەر ئەو دیاردەیە کرا، بەڵام بەداخەوە نەچووە بواری جێبەجێکردنەوە و دەنگی پێویستی نەهێنا و رەتکرایەوە، بەڵام یاسای ژمارە ٨ ی ساڵی ٢٠١١ تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی، لە ماددەی دووەم لە برگەی ٩ ناچارکردنی منداڵ بۆ کارکردن و سواڵکردن و بەجێهێشتنی خوێندن قەدەغە دەکات، لە برگەیەکی دیکەی هەمان ماددە هاتووە لێدانی تاکەکانی خێزان و منداڵ بە هەر بیانوویەك بێت، قەدەغەکراوە.»

ئەگەرچی بەشداربووانی ئەم راپۆرتە سەبارەت بە منداڵ و مافەکانی چەندین پرسی جددی و گرینگیان ورووژاند، بەڵام منداڵانی کوردستان لە شەڕی دژی تیرۆریشدا قوربانییەکی زۆریان داوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان تا ئێستا ٦٠٣ منداڵی لە ژێر دەستی داعش رزگارکردووە، کە ١٣ لەو منداڵانە راهێنانی سەربازییان پێکراوە. بەڵام چاودێران جەخت لەوە دەکەنەوە کە بە پێی ئامارەکان زیاتر لە دوو هەزار منداڵ لە لایەن تیرۆریستانی داعشەوە رفێندراون، کە زۆربەیان بە زۆرەملێ راهێنانی سەربازییان پێدەکەن. ئەو ئێزیدییانەش کە لەلایەن ئۆفیسی تایبەت بە ئازادکردنی ئێزیدییەکانەوە لە موسڵ و رەقەوە دەهێنرێنەوە و ئازاد دەکرێن، لەلایەن نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پارەکەی دابین دەکرێت.

**ئەوەندەی پەرلەمان کاری لەسەر پرسە سیاسییەکان کردووە، ئەوەندە کاری لەسەر پرسە خزمەتگوزارییەکان و ئەو پرۆژانەی لە بەرژەوەندی هاوولاتیاندایە نەکردووە**

**هەر هەڵومەرجێکی نەخوازراو کە کاریگەری نەرێنی لەسەر کۆمەڵگە هەبێت، بە شێوەی بەرپەرچدانەوە کاریگەرییەکەی لەسەر منداڵان چەند هێندەیتر دەبێتەوە، ئەویش لەبەر ئەوەی کەلتووری کۆمەڵگە لە هەستکردن بە منداڵ و مافەکانیان هێشتا بە شێوەیەکی بەرچاو پێنەگەیشتووە، تاوەکو خێزان و ناوەندە کۆمەڵایەتییەکان بتوانن منداڵان بپارێزن و لە قەیرانەکان دەربازیان بکەن**

**منداڵ سامانێکی نەتەوەیی هەر میللەت و نەتەوەیەکە، بەڵام بەداخەوە لە هەرێمی کوردستاندا کە لە رابردوودا بینیمان منداڵ بۆ مەرامی سیاسی بەکارهێنران**





# منداڵانی ئێزیدی داوای تۆڵەسەندنەوە لە داعش دەکەن

ئەگەرچی جیهانی منداڵ جیهانێکە بە کۆمەڵێك تایبەتمەندی خۆیەوە کە لە قۆناغێکی هەستیاری تەمەن لە خۆ دەگرێت، بەڵام زۆر جاریش بە هۆی شەڕەوە منداڵ دەبێتە سووتەمەنی و هەندێکجاریش گەورەکان بۆ مەرامی سیاسی و توندوتیژی و تەنانەت چەکداریش بەکاریان دەهێنن و لەو جیهانە تایبەتمەندە دایاندەبڕن کە دەکارێ سەرقاڵی وەبەرهێنان و فێرکاری و کۆکردنەوەی زانست بن. منداڵانی کوردستان لەوەتەی خاکی وڵاتەکەیان دابەش کراوە تا هەنوکە بە هۆی بێ کیانی و نەبوونی دەوڵەتی خۆماڵی و ئیرادەیەکی بەهێز و یەکگرتووی نەتەوەیی شانبەشانی گەورەکانیان لە قوربانیدان بەردەوامن. لە ئەنفال و کیمیابارانەوە بگرە هەتا کۆمەڵکوژیی کوردانی ئێزیدی لەسەردەستی وەحشەکانی داعش هەوڵی پاکتاوکردنی کورد دراوە. داعش پتر لە ٢٠٠٠ منداڵی کوردی ئێزیدی رفاندووە، هەزارن منداڵی دیکەشی بێ باوك و بێ برا و بێ دایك و بێ خوشك کردووە، بۆیە منداڵانی ئێزیدی تەنیا داوای تۆڵەکردنەوە دەکەن و پەنا بۆ سەرۆك بارزانی دەبەن هەتا کەسوکاری رفێندراویان لە دەستی تیرۆریستانی داعش رزگار بکات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



ده ساڵی تەمەنە و بە دنیایەك ئاواتی منداڵانەوە دەژی. لەگەڵ خێزانەکەی ئاوارەی شەڕن و لە زێدی خۆیان هەڵکەندراون و لە کەمپی بەحرکە گیرساونەتەوە. لەگەڵ دەستەخوشکێکی لەبەردەم کەپرۆکەی خەیمەکەدا لە سەر عەرد دانیشتبوون و وێنەیان دەکێشا. وێنەیەکیان کامێراکەی گۆڤاری گوڵان-ی زووم کرد. لە بەر ئەوەی پیاوێکی ریشنی چەقۆ بەدەست لە پشتەسەری کچێکی پرچ درێژەوە وەستابوو. خۆی بە «روقەیە سەعدون» ناساند. کاتێك پرسیاری هۆکاری کێشانی ئەو وێنەیەمان کرد، بە دەنگێکی نەرمونیانەوە گوتی: «ئێمەی منداڵانی کچ حەز بە لەچك ناکەین، داعشیش ئەوەی حیجاب نەکات، دەیکوژێت.» روقەیە کچێکی شەبەکە و بە نیگەرانییەکی زۆرەوە باسی ئەوەی دەکرد کە چەندین کەسی نزیکی لە لایەن تیرۆریستانی داعشەوە کوژراون. سامرە شێخۆ-ی هاوڕێی روقەیەش وەك خۆی باسیکرد لە خێزانێکی ئێزیدین و ئەویش نەفرەتی لە چەکدارانی دڕندەی داعش دەکرد و بە دنیایەك ئاواتەوە گوتی: «هیوادارین پێشمەرگە تۆڵەمان بکاتەوە و وەك چۆن خانووی خۆمان بە گێسك پاك دەکەینەوە، بۆ ئەوەی خاوێن ببێتەوە، ئەوها هەموو داعشە پیسەکانیش لە کوردستان دەربکەن و تۆڵەی ئێمەیان لێ بکەنەوە.» گوتیشی: «داوا لە سەرۆك بارزانی دەکەم هەموو دیلەکانمان لە دەستی داعشەکان رزگار بکات.»

رەشۆ ئەمین کوڕێکی تەمەن ١٦ ساڵی ئێزیدییە و لە دووکانێکی گەورەی فرۆشتنی خواردنەوەدا کاردەکات. ئەو کاتێك باسی خوشکە رفێندراوەکەی دەکات، فرمێسکی خوێنین بە چاوەکانیدا گلار دەبێتەوە. لە کاتی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەیدا دوای ئەوەی باسی چۆنیەتی ئاوارەبوون و ژیانی رۆژانەی ئێستای خۆی و خێزانەکەی کرد، لە ناو پڕمەی گریاندا گوتی: «کاتێك داعش هێرشی کرد، خوشکەکەم لە ماڵی مامم بوو، نەمانتوانی رزگاری بکەین، چونکە چەکدارانی داعش مامم و سێ کوڕەئامۆزامیان کوشت و ئامۆژن و دوو کچی ئامۆزام و خوشکەکەی منیشیان بە دیلی برد، لەو کاتەوە هەموو دنیا لە بەر چاوم تاریکە، ئەگەر کاسبکارمان بووایە بۆ ئەوەی دایك و خوشك و برابچووکەکانم بەخێو بکات، خۆم دەچووم دەبووم بە پێشمەرگە و تۆڵەی ئەو هەموو تاوانەم لە داعش دەکردەوە. ئەوانە مرۆڤ نین، مرۆڤخۆر و ئاژەڵی دڕندەن.»

ئێزیدییەکان خاوەنی ئایینی تایبەتن و زۆربەیان لە باشووری کوردستانن لە دەڤەری شێخانی نێوان مووسڵ، پارێزگای دهۆك و دەڤەری شنگال دەژین. هەروەها لە بۆتان و دەربێسیە و باکووری پارێزگای ئەلحەسکە و دەڤەری عەفرین لە حەلەب و ئەلەگەزی ئەرمەنستان و پارێزگای قەرس و ئەردێخانی باکووری ڕۆژهەڵاتی تورکیادا دەژین. ئەوان کوردی رەسەنن و ئازاریان بۆ هیچ نەتەوە و ئایینێکی دیکە نەبووە، بەپێچەوانە دەیان سەدەیە هێرشیان کراوەتەسەر و رەشەکوژ کراون و دواکارەساتیشیان کۆمەڵکوژیی ئێزیدییەکانی شنگال بوو لە سەر دەستی دڕندەکانی داعش کە زۆربەی پیاوانیان قەتڵوعام کرد و ئافرەت و منداڵەکانیشیان رفاند و پاکیزەکانیان ئێزیدییان کردە سەبایا و وەك کۆیلەی سێکسی کڕین و فرۆشتنیان حەلاڵ کرا. ئەو غەدر و تاوانە نەگریسە وایکردووە تەنانەت منداڵانی ئێزیدی دڵیان بە رۆژی جیهانی منداڵان خۆش نەبێت و تەنیا ئەوەی بیری لێدەکەنەوە ئەوەیە کە کەسوکاری بە دیل گیراویان رزگار بکرێن و داعشەکان لە سەر خاك و ماڵیان رابماڵدرێن.

**هیوادارین پێشمەرگە تۆڵەمان بکاتەوە و وەک چۆن خانووی خۆمان بە گسک پاک دەکەینەوە، بۆ ئەوەی خاوێن ببێتەوە، ئەوها هەموو داعشە پیسەکانیش لە کوردستان دەربکەن و تۆڵەی ئێمەیان لێ بکەنەوە**

**ئێمەی منداڵانی کچ حەز بە لەچک ناکەین، داعشیش ئەوەی حیجاب نەکات، دەیکوژێت**

**چەکدارانی داعش مامم و سێ کوڕەئامۆزامیان کوشت و ئامۆژن و دوو کچی ئامۆزام و خوشکەکەی منیشیان بە دیلی برد، لەو کاتەوە هەموو دنیا لە بەر چاوم تاریکە، ئەگەر کاسبکارمان بووایە بۆ ئەوەی دایک و خوشک و برابچووکەکانم بەخێو بکات، خۆم دەچووم دەبووم بە پێشمەرگە و تۆڵەی ئەو هەموو تاوانەم لە داعش دەکردەوە. ئەوانە مرۆڤ نین، مرۆڤخۆر و ئاژەڵی دڕندەن**